# کەرکوکتان بۆچی بەو دەردە برد؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

کەر کوك دەرکەیت لە جەستەی سیاسی کوردو ئەجێنداکەی، ئەوا یەکسان ئەبینەوە بە شکست، چونکە هەموو شۆرشە رزگاریخوازیەکانی گەلی کورد لەم پارچەیەدا دروشمێکی کەرکەکی تێدابووە، هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان تاکی کوردی وا پەروەردە کردووە کە ئومێدی بە داهاتووی ئەوان هەبێت، ئەو داهاتووەی کە قەت ناتوانن بۆ کوردی فەراهەم بکەن، باشە خەڵکی بۆ ناپرسن کام ئومێدو کام بڕواو کام داهاتوو؟ چەمکێك کە زۆر فریودەرەو ئەم دەسەڵاتەی ئێمە کاری لەسەر ئەکات مەسەلەی ناسکی دۆخی کەرکوکە کە وەك بالۆرە بەردەوام لە میدیاکانیانەوە ئەیژەنن، باشە تاکەی ئەم ناسکیە بەو شێوەیە ئەمێنێتەوە بۆ کەرکوك؟ کەواتە کورد لەم ئاستەیا هیچ رۆڵێکی نیەو دوگی داوەتە دەم پشیلە، ووتمان قەیدی چییە با کەمەك چاوەروانی حیکمەتی سەرۆك و سەرکردایەتی کوردی بین و بزانین هیچ بە هیچ ئەکەن؟ بەڵام ئەوە چوارساڵ تێپەری بەسەر ئازادی کەرکوکدا کەچی خەریکە ئەو ئازادیە ئەگۆرێت بۆ داگیرکاریەکی مەزهەبی نوێ، ئەو ئازادیەی کەرکوك ئەگۆرێ بۆ کوشتن و تەقینەوەو سڕکردنی بیری نەتەوەیی و سرینەوەی مۆرکە کوردیەکەی لە سایەی بریارو مادەکانی جەعفەری و مالیکی 58 و 140،

باشە تاکەی لوغزی ئەو ناسکیەی کەرکوکمان پێناڵێن؟ بە درێژایی تەمەنی بەعس زانیمان کە کەرکوك وابەستەیە بە عەقڵێکی تەسکی شۆڤێنی و هەر بەعسیەکانیش نەیاندەویست کەرکوك ئاوەدان بێت و بگرە گەرەکیشیان بوو لەسەر نەخشەی سیاسی و تۆبۆگراڤ و ئابوری کوردستان بیسرنەوەو بە فۆرمێکی عەرەبی بیکەن بە شار بە پشت بەستن بە بەرنامەکانی پاکتاوی رەگەزی و(تصحیح قومی) و تەعریب و هاوردەی عەرەبی و نیشتەنی زۆرەملێ و توندوتیژی و تاد... ئەمە ئەجندای راسیزم و رەگەزپەرستی ئەو کەمینە سوننە دیکتاتۆرەی بەغدا بوو کە هەموومان ئەمانزانی چ دەکات، ئەی دوای ئەو کەمینە بەعسیە سوننەیە واتە پاش رزگاری عیراق لە 9 نیسانی 2003 بۆچی دەسەڵاتی کوردی دووبارە خۆی داوەتەوە دەستی زۆرینەیەکی مەزهەبی شیعەی عیراقی؟ بۆچی خۆی تەسلیمی مفاوەزاتە ساردوسڕەکانی پشت مێز کردۆتەوە؟

ئایا بۆ کورد جیاوازی دیکتاتۆرێکی سوننەو شیعە چییە؟ بۆچی قەدەری کەرکوکیان خستۆتەوە باوەشی تۆتالیتاریەت و مەرکەزیەتی بەغدا؟ ئایا کەرکوك بەرگەی ئەو هەموو ژانە ئەگرێت؟ ئەمانە هەموو پرسیاری بێوەڵامی شەقامی کوردی و تاکی کوردین بۆ دەسەڵات، کاتێ مادەی 58 یان گۆری بە مادەی 140 ووتمان هیچ کێشە نیە بەڵام کۆتایی 2007 جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئێستا بە خۆمان بزانین یان نا 140 لە شوێنی خۆیدا وەك مادەیەکی دەستوری مردوەو ستۆك بووەو کوردیش بێخەمە لەو بارەیەوە چونکە پارەکانی لە جەیبایەو خەمی نییە، ئەم مادەیە دوا بخرێ مایەی شەرمە بۆ کورد کە تاکە بریاری چارەنوسسازە 4 ساڵە کورد نەیتوانیوە جێبەجێی بکات، هەموو شەرەکانی رابردوش هەر لە 140 دا کۆبۆتەوەو ناکرێ بە تۆزقاڵێش زایە بکرێ، جێبەجێ نەبوونی ئەم مادەیە کۆی پۆستەکانی کورد لە بەغداش ئەخاتە ژێر پرسیارەوە بە پۆستی سەرەك کۆماریشەوە کە پۆستگەلێکی وەهمین و تا ئێستا نەیانتوانیوە تاقە بریارێ یان ئیرشاداتێکی دەوڵەتیان هەبێ بۆ کورد، فەشەلی 140 یان دواخستنی هەروەك دوایان خستوەو بەکەسیان نەوتووە مایەی میحنەتێکی گەورەیە؟ فەشەلی 140 بە دیوەکەی تریشدا سەرکەوتنی هەرەشەکانی تورکە بۆ کەرکوك کە ماوەیەکە بێ پەروا هەرەشەی بەزاندنی سنور ئەکەن و سنوریشیان بەزاند تا کورد چاوترسێن بکەن و کردیشیان بەداخەوە! هەروەك پراکتیزەکردنی برگەیەکە لە برگەکانی پرۆژەی بیکەر– هاملتۆن کە لای دەسەڵاتی کوردی وابوو کە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ ناکرێت، کەرکوك بە کاوەخۆو بە پێی دەستوور تازە ناگەرێتەوە باوەشی کورد مەگەر بە ووتاری حەماسەت خوڵقێن و بازووی هێزە خاکیەکەی پێشمەرگەو دەنگە

کاریگەرەکەی فەرهاد سەنگاوی، واتە میدیایەکی بە جورئەت و شۆرشگێڕ نەك میدیایەکی ساردوسڕ و سازشکەر، تازە ئێمە کەرکوکمان خەریکە لەدەست ئەچیٚ و ناشبێت بهێڵین کەرکوك بەو زەلیلی و داماوی و وێرانیەوە بەجیٚ بهێڵین، ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەییە، بەلاٌم هێشتا لای دەسەلاٌتی کوردی دواخستنیش حیکمەتێکی تێدایەو سبەینیٚ دەیان بیانومان بۆ ریز ئەکەن لە میدیا سازشکەرەکانیاندا کە بۆچی 140 مان دوا خست، لەکاتێکدا دواخستن سازشێکی بێمانای دەسەلاٌتی کوردی و بەغدایەو وەك سەفەقەیەکی بازرگانیش دێتە بەرچاو لەبەرانبەر نەوت و ئیمتیازەکانی بەغادا، کورد ئەبیٚ چاوەروانی عەرەب و تەلەفۆنە ساردوسڕەکانی بۆش و بلێریش نەبیٚ تاماڵەکەی بۆ رێك بخاتەوە، ووتارێکی حەماسییمان پێویستە تا ئەو هەست و ئینتیما نوستوەی تاکی کوردیی کە دەسەلاٌتی کورد 4 ساڵە لایلایەی خەوتنی بۆ ئەکەن وەخەبەر بێتەوە، خەڵك ئامادەیەو شەقامیش ئامادەیە، بەلاٌم ئەوەی کە ئامادە نیە دەسەلاٌتی خۆمانە، پێویستمان بە تاکی شۆرشگێرو کادری مەشقکاری سەرکردە و دەستی زبری گەرمیانیەکانە، تاخۆمان هەستین بە رزگارکردنەوەی کەرکوك لە دەستی مادە فریودەرەکانی بریمەرو جەعفەری ، ئاخر براینە خوشکینە کەرکوك بەرگەی ئەم جۆرە دواخستنانە ناگریٚ و دەبیٚ سەرکردایەتی سیاسی کورد واز لە دیالۆگی سارد بهێنیٚ و خوێن و قوربانی گەرم ئامادە بکات بۆ کەرکوك، پێم وایە تازە دەسەلاٌتی کوردیش ناتوانیٚ سادەترین دەستکەوت بۆ کەرکوك فەراهەم و مسۆگەر بکات، کارکردن بۆ کەرکوك دەبیٚ لەدەرەوەی ئیمتیازاتی بەغداو بازنەی حوکمی شیعەو سوننەدابێت، بێگومان کوردیش ئێستا خشتێکن لەو دیوارە مەزهەبیەی عیراقی نوێدا کە هەر ئەوەشە دۆزی کەرکوکی ئەوەندەی دیکە تەم و مژاوی کردوە، پێویستە خۆمان کار بکەین بەلاٌم چۆن و بە کام میکانیزم؟